# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی هەموو نوێژێکدا دەستنوێژی دەگرت

له عه‌مرو كوڕی عامر كه‌ ئه‌نه‌سی كوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەکاتی هەموو نوێژێكدا دەستنوێژی دەگرت. (عه‌مرو ده‌ڵێت) ووتم: ئەی ئێوە چیتان دەکرد؟ (ئه‌نه‌س) ووتی: یه‌ك ده‌ستنوێژگرتن به‌س (ڕه‌وا) بوو بۆ که‌سێكمان ؛ ئەگەر دەستنوێژەکەی نەشکایە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ هەموو نوێژێکی فەرز دەستنوێژێکی نوێی دەگرت ئەگەرچیش دەستنوێژەکەی نەشکا بێت ؛ ئەمیش بۆ بەدەستهێنانی پاداشت وفەزڵ. ئەنجامدانی زیاتر لە یەك نوێژ بە یەك دەستنوێژ ؛ ڕێگەپێدراوە بەمەرجێك دەستنوێژەکەی نەشکا بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65080